# ئەو کەسەی لە نێو ئێوەدا لە لای من خۆشەویستترە ولە دانیشتنی من نزیکترە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ ئەو کەسەتانە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو کەسەی لە نێو ئێوەدا لە لای من خۆشەویستترە ولە دانیشتنی من نزیکترە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ ئەو کەسەتانە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە، وئەوەی زیاتر ڕقم لێیەتی ولە دانیشتنی من دوورتر دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا؛ (ئەم جۆرە کەسانەن): سەرسارەکان^، وموتەشەدیقەکان^^، وموتەفەیقیهەکان» ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا سەرسارەکان وموتەشەدیقەکانمان زانی، ئەی موتەفەیقیهەکان کێن؟، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوانەی خۆبەگەورەزانن». ^(ئەوانەی زۆر قسە دەکەن -بە بێ سوود-)، ^^(ئەوانەی قسە فراوان وقووڵ -دەکەن بە ناهەق -بۆ گاڵتە کردن بە خەڵکی)

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت لە نێو خۆشەویستترین مرۆڤەکان لە لای ئەو لە دونیادا، ونزیکترینە لە دانیشتەکانی ئەو لە قیامەتدا؛ ئەو کەسانەن کە جوانترین ڕەوشتیان هەیە، وڕقاویترین کەس لە لای ئەو لە دونیادا، ودوورترینە لە دانیشتنەکانی لە قیامەتدا؛ ئەوانەن کە ڕەوشتیان ناشیرینە، کە ئەم سیفەتانەیان تێدایە: (سەرسارەکان)؛ ئەوانەی زۆر قسە دەکەن -بە بێ سوود- وبە زێدەڕۆیی ولە هەق وڕاستی لادەدەن، و(موتەشەدیقەکان)؛ ئەوانەی قسە فراوان وقووڵ دەکەن بە ناهەق -بۆ سوکایەتی وگاڵتە کردن بە خەڵکی- وبۆ ئەوەی قسەکەیان بە گەورە دابنێن بە بێ هەڵسەنگاندێکی هۆشدارانە، (وموتەفەیقیهەکان)، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا سەرسارەکان وموتەشەدیقەکانمان زانی، ئەی موتەفەیقیهەکان کێن؟، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوانەی خۆبەگەورەزانن وسوکایەتی بە خەڵکی دەکەن وقسەکانیان فراوان دەکەن ولەگەڵ ئەمانەدا دەمیان دەکەنەوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee